# ئاشقانەترین شیعر!

پشکۆ نەجمەدین

خزانی دڵۆپێک ئاونگ لەسەر پەلکی شەوبۆ سپێدەیەک،
گەشتی تیشکێک بە گەردنی بلوورینی باراندا،
رژانی رێژنە بارانێک بەسەر دارگێلاسێک مەست لە ئاڵترین رەنگدا،
زریکەی پەپوولەیەک ئاوس بە چرپەی ماچ و سەررێژ لە شیلەی مژینی تورتترین مەمک،
نیگایەک لێوانلێو لە ئەشق کە زمان ناتوانێت بیپەیڤێت و لە هەیوانی دیدەیەکدا داناساکێت!،
پیتێک پیتێنراو بە سپێرمی ئاشقترین ئاشق لە جەزبەی لێکئالاندا،
جێژوانێ ماڵەماڵ لە ساتێک کە ئالای مەرگی چاوەنواڕی هەڵ دەکا.
ئاشقانەترین شیعر:
سەمای پەنجەکانتن لەسەر ئەو دوگمانەی گیانی من دەلەرزێنن،
لەرینەوەی داوەکانی دەنگی منە بۆ خوێندنەوەی ناوی تۆ،
گەڕانی پڕ ئەفسوونی سۆمای تۆیە بۆ دیل کردنی کێویلە نیگایەک!. .
ئاشقانەترین شیعر:
ئاڵۆشنترین "لێو" ێک لێوانلێو لە ئەشق و پڕ شیعرترین وێنە کە وێنای لەززەتی ئەشق دەکات!.
ئاشقانەترین شیعر:
دەنگێکە لەژێر پێستی پەیڤێکدا کە "پەی"مان پێ نەبردووە!.

کوردستان نێت www.kurdistannet.org